# ئێمە و ئەوان؛ حوکمڕانی لە نێوان ئەرک و ئیمتیازدا

**قەرەنی قادری**

لە ئەوروپا و ئەمریکادا، حکوومەتەکان سەر بە هاووڵاتیانن؛ واتە هەر چوار ساڵ جارێک بە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ستانداردەوە، ڕێک لە کاتی دیاریکراوی یاسایی و تەواو دیموکراتییانەوە، هاووڵاتیانی ئەو دوو دەڤەرە حکوومەت و دامەزراوەکانی نوێ دەکەنەوە؛ واتە چاکسازیی بەردەوام (هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، ڕێک بەپێی ئەو کاتە بەڕێوە دەچێت، کە یاسا دەستنیشانی کردووە و کەسیش بۆی نییە یاری بە ئاکامەکانی هەڵبژاردن و کاتی دیاریکراوی پێکهێنانی یاسایی حکوومەتی نوی بکات). هەر بەو پێیە، هاووڵاتیان بەشێکی سەرەکین لەو پرۆسەیە و شەقڵی خۆیان لە هەڵبژاردن، ئاکام و نوێکردنەوە دەدەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە لەو دوو ناوچەیەدا شۆڕش ناکرێت، ڕێک بۆ ئەو نوێکردنەوە و دەستاودەستکردنی هێمنانەی دەسەڵات دەگەڕێتەوە. هەم براوەی هەڵبژاردن و هەمیش دۆڕاوی هەڵبژاردن، زۆر بەڕێزن؛ دۆڕاوەکانی هەڵبژاردن پیرۆزبایی لە براوەکە دەکەن و، براوەکەیش بەڕێز و سپاسەوە وڵامی خەنیمەکان (دۆڕاوەکان) دەداتەوە!

هەڵبژاردن گرێبەستە لە نێوان حزبە سیاسییەکان و هاووڵاتیاندا. واتە خزمەتگوزاری، ئاوەدانی، گەشەی چڤاک و پاراستنی ئازادییەکان (سەروەریی یاسا)، لە بەرانبەردا دەنگدانی هاووڵاتیانی بەدوادا دێت. لەو ناوچەیەدا، ڕای گشتی بەشێکی گرنگە لە سیاسەت و حوکمڕانی. لەوێدا، حوکمرانی ئەرکە، چونکە بەدەسەڵاتگەیشتووەکان بیر لە هاووڵاتیان دەکەنەوە. هەروەها دەسەڵاتی چوارەمیش (ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی) زۆر چالاکە. دیموکراسی و لیبرالیزمیش زۆر بەهێزن. بەرپرسیارێتی و وڵامدەری، دوو کۆڵەکەی سەرەکین لە حوکمڕانیدا.

لە مێژووی مۆدێرنی ئەم چەند دەیەدا، شێوەیەک لە حکوومەت لە وڵاتە پێشکەوتووکانی ئەوروپا، ئەمریکا و شوێنەکانی دیکە پێک هاتووە، کە بە حکوومەتی Meritocracy واتە حکوومەتی لێزان و لێوەشاوەکان ناوی دەرکردووە. لە حکوومەتی "لێزان و لێهاتووەکان"دا کەسانی خاوەن توانا و لێوەشاوە بەڕێوەبەرن. **مێژووی خزمەت (ئەزموون) و پلەی خوێندەواری لە دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکان، هەروەها لێوەشاوەییان بنەمایە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.** پلەی خوێندەواری و ئەزموون لە بواری کاروباری سیاسی، دوو کۆڵەکەی سەرەکین بۆ شێوە حکوومەتی Meritocracy کە لەمێژە لە ئەوروپادا حوکمڕانی دەکات. ڕەگی ئەو شێوە حوکمڕانییەیش بۆ هزری "سوقرات" (٤٦٩-٣٩٩ پ. ز) و "ئەفلاتۆن" (٤٢٧-٣٤٧ پ. ز) دەگەڕێتەوە.

هۆکارەکەیشی ڕێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی هەڵبژاردندا، کاتێک حزب و لایەنە سیاسییەکان بەرنامەی کاریان بۆ چوار ساڵی داهاتوو پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن، کۆمەڵە کەسی بەتوانایش لەناو حزبەکەیاندا بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئامادە دەکەن. چاوخشاندنێکی خێرا بە جوگرافیای سیاسیی ئەوروپا

ئەمە دەردەخات، کە وەزیر، جێگر و سەرۆکوەزیرانی ئەم وڵاتانە گشتیان سەرۆک و ئەندامانی حزب و لایەنە سیاسییەکانن، کە ئاڵقەی سەرەکیی بەڕێوەبردنی وڵات لەدەست ئەوانەـ بێ شک بە پەرلەمانیشەوە. لە بواری ڕاوێژکارییشدا لەسەر بنەمای "زیرەکی، لێوەشاوەیی و توانایی"، کەسەکانی خۆیان دەستنیشان دەکەن و لە مەیدانی بیرکردنەوە و بڕیاردانیشدا دەوری زۆر گرنگ دەگێڕن و، ڕاوێژکارەکانیش دەبنە بەشێک لە پرۆسەی بڕیاردان!

بەڵام لەپاڵ ئەمەیشدا، سەرتاپای دامەزراوە حکوومییەکان "بەحزبی" ناکەن، بەڵکوو لە ئاستی خوارەوەی دامەزراوەکاندا دەور بە کەسانی پسپۆر، کارناسان، هەروەها لە بواری ئابوورییشدا، شوێن بە ئەندازیاران دەدرێت. واتە کەسێکی لێوەشاوە و گونجاو بۆ شوێنێکی گونجاو.

بەڵام لە دەڤەری ئێمە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)، جگە لە ئیسرائیل، هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە کەڕواوی و چەقبەستووە، سەر بە حکوومەتەکانن و چاویان لە لوتف و کەرەمی حوکمڕانەکانە. پێشینەی ئەمەیش بۆ سوڵتانەکان و خەلیفەکان دەگەڕێتەوە، کە دامەزرێنەری "چەشنێک حکوومەتی باوک یان دەسەڵاتداریی خێرخوازی" بوون، ئەویش بە مەبەستی مانەوەی خۆیان و کەسوکاریان لە دەسەڵاتدا. حکوومەتەکان لە دەڤەری ئێمەدا زۆر زل، سەرکوتکەر و دەوری باوک (نانبدە) دەگێڕن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕای گشتی بەشێک نییە لە سیاسەت، بۆیە بەردەوام جەنگ، شەڕ و شۆڕش ڕوو دەدات و خەڵکیش بەردەوام بەدوای ڕێگەچارەی خێرادا دەگەڕێن. هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتریش، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە: "هەڵبژاردن" لە کۆماری ئیسلامی، سووریای سەردەمی ئەسەد و، عێراقی سەردەمی بەعسییەکان. تەنانەت ئێستایش لە ئێران بەشێکی خەڵك بیر لە گەڕانەوەی "بنەماڵەی پەهلەوی" دەکەنەوە! واتە بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ئێستا و داهاتوویان، بۆ دواوە دەگەڕێنەوە!

گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، لە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە ناوچەی ئێمەدا، حوکمڕانەکان بیر لە گیرفان و شێوازی بەڕێوەبردنی خزمخزمێنە (Nepotism) واتە خزمسالاری دەکەنەوە. ڕێک لەبەر ئەوە، حوکمڕانی لە مەڵبەندی ئێمەدا ئەرک نییە، ئیمتیازە!